شیعر

# بەدیار حیکایەتێکەوە.. عومرم گوزەراند

ئیبراهیم هەورامانی



لێرەدا باخچەیەک و
گوڵێکی سووری تۆخ
لێرەدا درەختێک و
پاسارییەکی کزۆڵە
لێرەدا هەناسەیەک و
گەڵایەکی زەردی وەریو
لەو بەری باخچەکەوە
ئاپارتمانێکی شوشەبەند
جار.....جارێ
لە نهۆمێکی بەرزەوە
کچێکی نەشمیلە
دەلاقەی
پەنجەرەی
ژوورەکەی
دەکاتەوە و

بەنیگایەک
دوو نیگا ....
عەتر بارانی
شەقام و
پیاسەی هەندی
موسافیران دەکا
لێرەدا من بەدیار
حیکایەتێکەوە عومرم دەگوزەرێنم
چەند دەکەم ،
رێ نابەمەوە
سەر رێگەی رۆژانی غەریبیم
چەند دەکەم ،
زاکیرەم ،
هەنگاوی
پیاسەی شەقامی تەنیاییم
ناناسێتەوە .
لێرەدا من تەنیام
بەتەنیا ،
وەک پاسارییەکی بەنەفرەتبووی
دەست منداڵێکی عەجول
ژێر نابمەوە
وەک دوا عومری دوکەڵی جگەرەیەکی سیخن
لە نێوان لێوانی بەدەمەستێکدا
ئۆقرەییم ناگیرسێ .
تەنیاییم
بەقەد پانتایی ئەم زەوییە نەعلەتییە
فراوانە ،
لە گریان و



له زەحمەت .
چەندی دەکەم .......
هەنگاوەکان نامبەنەوە
سەر ئەو ڕێیەی
جێ پێی ..من و
ئەوی
تێدا جێماوە .
چەندی دەکەم ...
دارعەسای چاوەکانم
نامبەنەوە ،
لای ئەو چڵە گوڵەی
هەناسەی عەترینی ئەوی
بەسەردا باریوە .
لێرەدا من تەنیام ..
تەنیا و تەنیاتر دەبمەوە
لێرەدا
لەژێر ڕەحمەتی دار سنەوبەرێکدا
ڕۆژ هەلدێ و
من تەنیام .
ڕۆژ ئاوا دەبێت و
من تەنیام .
شەو دێت و
من تەنیام
هەموو شتێ
کۆتایی دێ
هەر من تەنیام



پایزی – ٢٠٠٧ تاران